www.kurdistannet.org
28-1-2006 20:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

2006-1-27 سوێد

**دکتۆر کەمال بوو بە پەندی دەمکوتکردن و ڕیسواکردنی کلتوری بەعس لە باشووری کوردستاندا ... ئاسۆ بیارەیی**

# دکتۆر کەمال بوو بە پەند ... مافیەرووەر: ئارام موحسین گەردی



ئاسانە بۆ مافیەروەرێکی وەکو ئارام موحسین گەردی، لە کانگای دەسەڵاتەوە بەئاسانی بیانوو بێنیتەوە بۆ ڕفاندن و دەمکوتکردنی قەڵەمە ئازادەکان کە دژی هەموو پێشێلکردنێکی مافی مرۆڤن لە هەر کوێبێت.

پێم ناڵێیت! چۆن مرۆڤێک مان لە خوادرن دەگرێت ئەگەر بترسێت، گریمان ترسابێتیش، ئەوەش مافێکی سروشتی هەموو گیانلەبەرێکە نەک تەنها مرۆڤ. بەڵێ ئەو کلتوری بەعسی باش ناسیوە و زیندانەکانی دیوە بۆیە خۆکوشتنی پێ باشبووە تا ڕیسوایی و ناشیرینکردن.

دەبوو جەنابت هەر بە بیستنی هەواڵی ڕفاندن و ئەشکەنجەدانی دەرونی دکتۆر کەمال دەستت لە کاری مافیەروەری هەڵگرتایە، نەك لە بەر دکتۆر کەمال، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی پیرۆزی پیشەکەت وەکو مافیەروەر، بەڵام وێ دەچێت، نەک هەر داکۆکی لە کلتوری نەگریس و فاشستی بەعس دەکەیت لە کوردستاندا، بەڵکو ئەو مافەش دەدیت بەخۆت و ئەوانەی مافی دەسەڵاتیان هەیە کە بەردەوامبن لە دەمشکاندی هەریەکێك لە باشووری کوردستان بڵێ لەل. ئاخر سەددامی فاشستیش کە لاوانی کوردی لە سێدارە دەدا، پشتی بەکۆمەڵێک پارێزەر و یاساناسی کاسەلێس دەبەست.

بەڵێ! ڕژێمەکەی سەددامیش بۆ ڕیسواکردنی ئازادیخوازان، پۆل پۆل هەموویانی دەهێنانە سەر تەلەفیزیۆن بۆ پیرۆزیکردنی خۆی و ڕیسواکردنی ئەوان.

زۆر پێم سەیرە کە بەناو مافیەروەریکی وەکو جەنابت، نەتوانێ بێلایەنی خۆی لە کێشەیەکی چارەنووسازدا وەکو کێشەی (کتۆر کەمال) دا بسەلمێنێت و داکۆکی لە ڕەفتارێکی سەردەمی بەعسی داگیرکەربکات. دەبوو تۆ و زۆر لەوانەی وەکو جەنابت کە پۆستی پارێزەییان پێدراوە، لە هەموو کەس زیاتر مافەکانی تاکی کورد پارێزگاری بکەن.

کەس داکۆکی لە جنێودان و بوختان ناکات. کەمپینی ئازادیخوازان دژی ڕفاندن و بێسەر و شوێنکردنەکە بوون، نەک لەگەڵ جنێوەکانی دکتۆر کەمال. وەکو ووتم دژی کلتووری بەعسن لە کوشتن، برین و وونکردنی مرۆڤی کورد لە لایەن دەسەڵاتی سەپاوەی کوردیەوە.

بەڵێ منیش دەڵێم ئەتکردن و وونکردنی مرۆڤێکی کورد لەلایەن دەسەڵاتێکی کوردییەوە، کە بانگی ئازادی دەچرێت، ڕیسوا بوونە بۆ ئەو دەسەڵاتە و دەبێ پەندێکی مێژوویی لێوەرگرێت.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەوانەی وەکو تۆ کە کوێرانە داکۆکی لە دەسەلاّت دەکەن، بە دەردەکەی دکتۆر کەمال نەبن، کە جارێکە لە جاران بازارتان لای دەسەلاّت نامێنێت و پەراوێز دەکرێن.

-----------------------------------------------

تێبینی/ ئەمەش بابەتەکەی کاک ئارام موحسن گەردییە http://kurdistannet. biz/2006/1-2006/27-1/drkemalbubepend. pdf کە لە کوردستاننێت بلاّوبووەتەوە